# وەقایعی کوردستان

**Waqaehi Kurdistan**

**ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد هەفتانە دەری دەکات**

**ژمارە (٩٧) چاپی یەکەم سالی هەشتەم ٢٠٠٨/٢/١٦ م ٢٧/ڕێبەندان/٢٧٠٨ کوردی ٢٠/ صفر/ ١٤٣٠ کۆچی**

**97**


## لەم ژمارەیەدا:


* **یاسای ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٩**............................ لا ١

یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (١) ی سالی ٢٠٠٥ هەموارکراو.

* **بریاری ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٩**............................ لا ٣

یاسای دەزگای فرۆکەخانەکانی شارستانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

* **فەرمانی وزاری /وەزارەتی داد**............................ لا ٤

پەیکەری ڕێکخستنی بەرێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی فەرمی( وەقایعی کوردستان).



ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی عەنکاوە باڵەخانەی وەزارەتی داد. .

☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٣٦٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com


نرخی ٧٥٠ دینارە

# وقائع كوردستان

**الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعياً من قبل وزارة العدل**

**العدد (٩٧)  الطبعة الاولى  السنة الثامنة ١٦/٢/٢٠٠٨ م  ٢٧/رێبەندان/٢٧٠٨ كوردي  ٢٠/صفر/١٤٣٠ هـ**


## في هذا العـدد:


- **قانون رقم (٢) لسنة ٢٠٠٩** ........................................ **ص ٦**
  قانون التعديل الثاني لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل .

- **قــــرار رقم (١) لسنة٢٠٠٩** ........................................ **ص ٨**
  استمرار المجلس المحافظات في أداء مهامها لحـــين إجراء الانتخابات قبل نهاية العام الحالي.

- **امر وزاري / وزارة العدل** ........................................ **ص ٤**
  الهيكل التنظيمي لمديرية الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) .



**No.:97  Date : *Feb,16, 2009*  Vol. : 8**



http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

العنوان : اربيل- تقاطع عينكاوه- بناية وزارة العدل.
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤- ٠٧٥٠٤٧٧١٨٤٢- ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )


السعر ٧٥٠ دينار


The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەرێمی كوردستانی عێراق
سەرۆكايەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە
بڕيار
ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠٠٩
ياسای هەمواركردنی دووەمی ياسای سەرۆكايەتی هەرێمی كوردستان ـ عيراق
ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەمواركراو

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی ياسای سەرۆكايەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو و بە پاڵپشتی ئەو ياساكارييەی ئەنجومەنی نيشتمانی كوردستان – عێراق كردويەتی لە دانيشتنی نائاسايی ژمارە (١) لە ٢١ /٢٠٠٩/١ بڕيارماندا بە دەركردنی:

## ياسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩
## ياسای هەمواركردنی دووەمی ياسای سەرۆكايەتی هەرێمی كوردستان ـ عيراق
## ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەمواركراو

**ماددەی يەكەم:**

بڕگەكانی (يەكەم و دووەم و پازدەم) لە ماددەی دەيەمی ياساكە هەمواردەكرێت و بڕگەيەك لە زنجيرە (نۆزدەم) زياد دەكرێتە سەرماددەكە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

يەكەم: ١– پێشنياركردنی پرۆژەی ياساو بڕيارەكانی تايبەت بە سەرۆكايەتی هەرێم بۆ ئەنجومەنی نيشتمانی كوردستان ـ عيراق.

٢– دەرچواندنی ئەو ياساو بڕيارانەی كە ئەنجومەنی نيشتمانی كوردستان ـ عيراق دايان دەنێت، لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری گەيشتنی بۆ سەرۆكايەتی هەرێم، سەرۆكی هەرێم بۆی هەيە لەو ماوەيەدا ناڕەزايی لەسەر هەموو يان هەندێك لەو ياساو بڕيارانەی دەربڕێت. و گەڕاندنەوەی بۆ ئەنجومەنی نيشتمانی بۆ چاو پێخشاندنەوەيان و بڕياری ئەنجومەنی نيشتمانی لەسەريان بنبڕ دەبێت. و ئەو ياساو بڕيارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حالەتەی كە سەرۆكی هەرێم لەماوەی ناوبراو دەری نەچوواند و ناڕەزايشی لەسەريان نەبووە ئەنجومەنی نيشتمانی رادەسپێری و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەكرێتەوە.

دووەم: دەركردنی فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتيی ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستانی عێراق و دياريكردنی كاتەكەی لەماوەی (پانزەڕۆژدا) لە بەرواری هەڵوەشاندنەوەی يان بەلانی كەم لەماوەی شێست ڕۆژی پێش كۆتايی خوڵی هەڵبژاردنی بە مەرجێك ڕۆژی هەڵبژاردن لە شەست ڕۆژی دوای هەڵوەشانەوەی يان شەست ڕۆژی پێش كۆتايی خوڵی هەڵبژاردنی رەت نەكات.

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**پازدەم: دامەزراندن و لابردنی خاوەن پلە تايبەتيەكان لەسەرپاڵاوتن پێشنياری وەزيری پەيوەنديدار و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزيران.**

**نۆزدەم: سەرۆكی هەرێم هەر دەسەڵاتێكی تر كە لە دەستوورو ياسادا هاتبێت دەگرێتە دەست.**

**ماددەی دووەم:**

**كار بە هيچ دەقێكی ياسايی يان بڕيار ناكرێت ئەگەر ناكۆك بێ لەگەڵ حوكمەكانی ئەم ياسايەدا.**

**ماددەی سێيەم:**

**پێويستە لەسەر لايەنە پەيوەنديدارەكان حوكمەكانی ئەم ياسايە جێبەجێ بكەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**ئەم ياسايە لەبەرواری دەرچواندنيدا جێبەجێ دەكرێ و لەرۆژنامەی فەرميدا (وەقائيعی كوردستان) بلأودەكرێتەوە.**

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
**١٣/ ڕێبەندان / ٢٧٠٨ ی كوردی**
**٦ / سەفەر ١٤٣٠ ی كۆچی**
**٢ / شوبات / ٢٠٠٩ی زايينی**

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە
بڕیار
ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠٠٩
بڕیاری ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٩

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (١) لە ٢١ /٢٠٠٩/١ بریارماندا بە دەرکردنی:

## بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩

یەکەم: ئەنجومەنی ئێستای پارێزگاکانی هەرێم بەردەوام دەبن لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان تاکو هەڵبژاردنی داهاتوو بە مەرجێك پێش کۆتایی ئەم سالٚ ٢٠٠٩ بکرێ.

دووەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن

سێیەم: ئەم بڕیارە لە بەرواری ٢٠٠٩/٢/١ جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنـــــامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاٚودەکرێتەوە.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**هەولێر**
١٣/ ڕێبەندان / ٢٧٠٨ ی کوردی
٦ / سەفەر ١٤٣٠ ی کۆچی
٢ / شوبات / ٢٠٠٩ی زایینی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**وەزارەتـــــــی داد**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادیەكان**
**بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان**

**ژمارە :٦٩/١٠**
**ڕێكەوت :٢٠٠٨/١/٢٠**

# فەرمـــــانی وزاری

ئاماژە بە خـاڵی (٦)ی بڕگە (٢) لە ماددەی (٢)ی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ،یاسای وەزارەتی داد و بەیانمان ژمــارە (٥) بە نووسراوی ژمارە(١٣٦/٣)ی ساڵی٢٠٠٥ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بەمەبەستی باشتر بەڕێوەچوونی كاروباری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنـــامەی ڕەسمی ( **وەقـــايعی كوردستان** ) ، بڕیارماندا بە دابەش كردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە:-

١. بەشی بەدوا داچوون و ئامادەكردنی یاساكان بۆ بڵاكردنەوە.
٢. بەشی چاپ كردن و دیزاین كردنی ڕۆژنامە بە كۆمپۆتەر .
٣. بەشی ووردبینی یاسایی و ڕێزمانی بۆ یاساكان بە هەردوو زمانی ( كوردی و عەرەبی ) ەوە.
٤. بەشی بەشی چاپ كردنی ڕۆژنامە لە چاپخانە.
٥. بەشی ئەرشیف و دابەش كردنی ڕۆژنامە كە ئەمەش لەمانە پێك دێت:-
   أ- ئەرشیفی كۆگـــــا .
   ب- ئەرشیفی كۆمپۆتەر .
٦. بەشی ژمـــــێریاری و ووردبینی و بەدواداچوون.

**فاروق جمیل صادق**
**وەزیری داد**


WWW.MOJKURDISTAN.COM

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعــــياً من قبل وزارة العدل

العدد (٩٧)  الطبعة الاولى  السنةالثامنة  ١٦/٢/٢٠٠٩ م  ٢٢/بەفرانبار/٢٧٠٨ كوردي  ١٥/ محرم/ ١٤٣٠ هـ

## فـــي هذا العدد :-

**قانون رقم (٢) لسنة ٢٠٠٩**............................................................ ص ٦
قانون التعديل الثاني لقانون رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل .

**قـــرار رقم (١) لسنة٢٠٠٩**............................................................ ص ٨
استمرار المجلس المحافظات في اداء مهامها لحين اجراء الانتخابات قبل نهاية العام الحالي.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**
**قرار**
**رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٩**
**قانون التعديل الثاني لقانون رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق**
**رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٥ المعدل**

وفقا للفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناء على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في الجلسة الاستثنائية المرقمة (١) المنعقدة في ٢١ /٢٠٠٩/١ قررنا إصدار:

## قانون رقم (٢) لسنة ٢٠٠٩
## قانون التعديل الثاني لقانون رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق
## رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل

**المـــــادة الأولى:**

تعدل الفقرات (أولاً وثانياً وخامس عشر) من المادة العاشرة من القانون وتضاف فقرة بتسلسل (تاسع عشر) اليها وتقرأ كالآتي:

أولاً: ١- اقتراح مشاريع القوانين والقرارات المتعلقة برئاسة الاقليم للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق.

٢- اصدار القوانين والقرارات التي يشرعها المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ وصولها الى رئاسة الاقليم، وله حق الاعتراض عليها كلياً أو جزئياً خلال المدة المذكورة واعادتها الى المجلس الوطني لاعادة النظر فيها، ويكون قرار المجلس الوطني بشأنها قطعياً، وتعد تلك القوانين والقرارات صادرة في حالة عدم اصدارها من قبله ضمن المدة المذكورة ولم يعترض عليها ويوعز المجلس الوطني لنشرها في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

ثانياً: اصدار مرسوم باجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق وتحديد موعدها خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ حله أو قبل ستين يوماً على الأقل لانتهاء الدورة الانتخابية على ان لا يتعدى موعد الانتخابات مدة ستين يوماً التالية على تأريخ حله او خلال الستين يوما السابقة على تأريخ انتهاء دورته الانتخابية.

خامس عشر: تعيين وعزل كبار موظفي الاقليم من الدرجات الخاصة بناء على ترشيح أو اقتراح الوزير المختص وموافقة مجلس الوزراء.

تاسع عشر: يتولى رئيس الاقليم اية اختصاصات اخرى ينص عليها الدستور والقانون.

ئەرشیفی یاساکانی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**المـــادة الثانية:**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**المـــادة الثالثة:**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المـــادة الرابعة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيـــس اقليم كوردستان ـ العراق**

هەولێر
١٣ / ڕێبەندان / ٢٧٠٨ كوردية
٦ / صفر / ١٤٣٠ هجرية
٢ / شباط / ميلادية

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

بسم الله الرحمن الرحيم

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة إلاقليم
الرئيس

باسم الشعب
قرار
رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٩
قرار رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٩

وفقا للفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناء على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في الجلسة الاستثنائية المرقمة ( ١ ) المنعقدة في ٢١ /٢٠٠٩/١ قررنا إصدار:

## قرار رقم (١) لسنة ٢٠٠٩

**أولاً**: تستمر مجالس المحافظات القائمة حالياً في الاقليم في اداء مهامها لحين إجراء انتخابات جديدة على ان يتم ذلك قبل نهاية العام الحالي ٢٠٠٩.

**ثانياً**: على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار.

**ثالثاً**: ينفذ هذا القرار اعتباراً من ٢٠٠٩/٢/١ و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

مسعود بارزانى
رئيـــس اقليم كوردستان ـ العراق

هەولێر
١٣ / ڕێبەندان / ٢٧٠٨ كوردية
٦ / صفر / ١٤٣٠ هجرية
٢ / شباط / ميلادية

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM